www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 26-9-2006 23:15

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## با بەخۆپشاندانی یەکدەست، نەهێلین فرانس ڤان ئانرات ئازادبێت!

دووساڵی ڕابردوو هۆڵەند مەیدانی گەورەترین هاتنەمەیدانی خەلکی کوردو و دۆستە کانمان لەلایەنە سیاسیەهۆڵەندیەکان وکەسە ئینساندۆست و دیموکراتەکان بوو لەبەرانبەرتاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان و کێشەی بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانراتدا، خۆشبەختانە دوای دووساڵ کاری بەردەوام و خۆپیشاندان و کاری بەکۆمەڵ و دۆکومینت دان بەداگاو بەشداری بەرفراوانی قوربانیەکان لەهەمووگۆشەو شارەکیمیابارانکراوەکانی کوردستانەوە، داگا دووشتی زۆر گرنگی لەمێژووی خەڵکی کوردستاندا سەپاند، کەبەرەسمی ناسینی جێنۆسایدی خەڵکی کوردستان و ساغکردنەوەی بوو بەدەستی ڕژێمی بەعس، وەهەروەها سزای 15 ساڵ بۆگەورە تاوانبارو بازرگانی چەکە بەکۆمەڵکوژەکانی بەعس فرانس ڤان ئانرات بوو.

وەک ئاگادارن پارێزەرانی فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار داوای پێداچوونەوەی دۆسیەکەیان کرد واتە (استئنافکردنی)، بۆ ئەمەش ڕۆژی2006-10-09 وەک یەکەمین ڕۆژی پرۆسەکە دانراوە، وەقوربانیەکان وپارێزەرەکەمان خاتوو زێخفێڵد ئامادادەبن وەتاوانبار و پارێزەرەکانیشی بەهەمان شیوە ئامادەدەبن، ئێمە وەک ناوەندی چاک لەهۆڵەنداو و کۆمیتەی بەدواداچوونی یاسایی تاواناباارانی جینۆساید ئامادەکاریمان کردووە بۆ داگاکە، بەڵام بەبێ بوونی هاوکاری سەرجەم هێزو کۆڕوکۆمەڵەو خەڵکانی کوردی دانێشتووی هۆڵەند کارەکان کەم

هێز و قوربانیەکان بێپشتیوان دەبن وە ئیمکانی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەش دوور نیە!

بۆیە داواتان لێدەکەین کە پەیوەست بن بەخۆپیشاندانەکانەوە و ئەم ڕۆژە بکەن بە ڕۆژی ڕیزگرتن لەو هەموو ژن و پیاوو منداڵانەی کە بە بەربریانەترین شێوە کۆمەڵ کوژکران، وەدونیا لەئاست ئەم تاوانادا چاوی داخست، داهاتوویەکی ئینسانی بۆ خەڵکی کورستان تەنها لە دادگایی عادیلانەی تاوانباران و ڕژێمەکان وداموەزگاو کۆمپانیاهاوکارەکانیانە، هەمووڵایەک و هەموو تاکێک بەرپرسین لە گەیاندنی هاوارو مەرگ وتاوانەکان بۆدادگاوناوەندە جیهانیەکان، وەرن باپێکەوە ئەم ئەرکەوئەم کارە بکەین.

ئەم ڕۆژهەلە مێژووییانە دووبارە نابنەوە، وەرن با ڕۆح و لاشەی قوربانیەکانی هەڵەبجە و بالیسان و سەردەشت زەردەو ڕەشەهەرمێ و گۆپتەپەو گەرمیان و عەرعەر و نوگرە سەلمان و بادینان و، .... شاد بکەین و خوازیاری سزای عادلانە بین بۆ تاوانباران.

شوێن و کاتی خۆ پیشاندان
2006-10-09
کاتژمێر 08:30 بەیانی
بەردەم کۆشکی داد لەدینهاخ
Justitie Gerechtshof
Prins Clauslaan 60
ناوەندی چاک- کۆمیتەی هۆڵەند
کۆمیتەی بەدواداچوونی یاسایی تاواناباارانی جینۆساید

2006-09-26